# پەژارەی دووری

ئەحمەد دەشتی

ئازارەکان گەلێک هاتن
لە دەروازەی ژیانم دا
وەژوور کەوتن و دڵیان گرتم
بەلام هەرگیزئەمن پشتم
لە باوەڕی بە تین نەکرد
هەرچی مەرزی پەژارەبوون
وەدیم کردن و
خەمەکانمدایان گرتم و
ئاسۆم لێل بوو
کەچی ساتێک من نەچومە
ژێرساباتی بێ باوەری و
ڕەشبینی و بێ ورەیی
ئەمن گەلێ کارەسات و
ڕۆژگارانی نەهامەتیم
وەدی کردن
گەلێ ڕەنجی ئاوارەیی و
دەربەدەریم سالها کێشا
بەلام نەم دی کەوا رۆژێ
بێ هیوایی و گەشبینی من
لەدڵ کز بێ
هەموو دەمێ لە ناو خانەی
چیاو چۆلی خەیاڵم دا




وێنە: لەئەشکەوتی سەردێمان
بنکەی دەنگی کوردستان 1966

**له خەرەندی نامرادی و**
**ژینی دووری وەلاتم دا**
**نەبوو ساتێ سیمای جوانی**
**خاکی شیێرین له یادا کەم**
**وەیا دمێ هیوای شاد بوون**
**بەهەواری ئازیزی خۆم له بیرا بەم**
**هەتا ئێستاش**
**لەسەر دۆوندو ترۆپکەکان**
**کوردستانی خۆم دەبینم و**
**خۆشم دەوێ**
**لەڕۆژگارو شەوگارانی**
**دوورو درێژی پڕ مەینەتیش**
**له ناو خەونی پر له تاسەو**
**شادو خۆشی**
**سەدان جاری پڕ له شیرینی**
**لەم دوور دووره**
**لەم نامۆییەو ژین بێ نووره**
**ئەوەی کەوا من دەبینم**
**سیمای جوانی کوردستانمه**
**هیوای شادی و**
**ڕۆژی بەرزی نیشتمانمه**
**له وەلاتی خۆزگەی دڵ و**
**ئارەزوەکان**
**بۆ کوردستانی ئازیزم**
**بەختەوەری و ڕزگاری بوون**



**وەدی دەکەم**
**هەر لەو ساتەش کە تۆم ناسی**
**کوردستانی هەست وبیرم**
**ئەوینی تۆ بوو بە ویردی**
**سەر زمان و**
**سیمات بووە ڕوگەی ژینم**
**لە خەیالی شیرن و  تال**
**تەنیا ئەتۆم لە یادایە**
**هۆ وەلاتە شیرینەکەم**
**یارو براو هەڤالان و**
**کەس و کارە برینەکەم**
**ئێوە نەبن لەم دلەی من**
**ئەم دووریە گولخەنێکی**
**سوتێنەرو کارەساتە**
**لەم هەوارە پر میحنەتە  و**
**ژیانی دووری وەلاتی خۆم**
**تەنیا ئێوەن ئاسۆکانی**
**ئەم دڵەی من ڕوناک دەکەن**
**تەنیا ئێوەن کە لە دڵ دان**
**سۆمای چاوم زاخاو دەکەن**
**ساتێ نیە کە نێمەوە**
**ناو ئامێزی گەرم و گوڕی**
**دایکی برین و ئازارانم**
**لە پەرێزی دەشتی دووری**
**پەرواز پەرواز خەیاڵ دێن و**



وێنە:: کۆسار و رامان

هەلم دەگرن دەمهێننەوە
شارە دوور و دێرینەکەم
گەر خەیاڵی دووریشم بێ
ئۆخەی دڵم دادەمرکێ و
بۆ چەند ساتێ
دڵی نامۆ و بیانی خۆم دەدەمەوە
دەڵێم چی بکەم بە خۆم نەبوو
ئاوارەیی بوو بە بەشم
ئەویش ئەشق و ئەوینت بوو
ئاوا بووە بەختی ڕەشم
بەلام گیانە هەروەک گوتم
پەشیمان نیم کە لە ڕێی تۆ
هەرچی خەم و ژانی دڵ بوو
هەڵم گرت و وا مامەوە
ئێستاش هەمان ئاواتی من
وەکو جاران پەرواز دەکا
بۆ سبەی ڕۆژی بەختەوەری
کوردستانە ئازیزەکەم
هیوای شادی سەربەخۆیی
لەم دڵەی من قەت کەم ناکا
*

به یادی ئازار و خەمەکانی دووری و ئاوارەیی پێشکەشە بە هەموو کوردێکی گەشبین و دڵسۆز بۆ کوردستانی.